www.kurdistannet.org
27-9-2006 7:59بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان ... ئازاد سۆرانی

بۆ بەڕێزان ئەندامانی یاساناسانی هەرێم كەهەڵساون بەو ئەكەپیرۆزەكەجێگای شانازیەبۆ جێ بەجێكردنی دادوەری لەكۆمەڵگایەكدا كەتا دوێنێی نزیك هەموو جیهان لێی بێ ئاگا بوو.
دەقی پرۆژەی هەرێمی كوردستان كەلەبەرواری22-8-2006زایینی بەرامبەر31خەرمانان 2706 كوردی دا دەرچووە، دەقەكەلەنێوانی مادەی 33تاكو 40بریتن لەكاركردن بەیاسا لەگەڵ كەسانێكدا كەدەكەونەبەردەم دادگا، وەك هەر كەسایەتیەك كەیاسای وڵاتەكەی بەلاوەگرنگ بێت، ئەم دووخاڵەم بەگرنگ زانی كەبینێرم بۆ بەڕێزتان بۆ بەهێز كردنی دەستوری هەرێمی كوردستان، بۆ ئەوەی جیاوازی هەبێت لەگەڵ یاساكانی ناوچەكەدا پێش كەوتنی تێدا بەدی بكرێت، كەلەڕاستیدا لەدەستورەئەوروپیەكاندا هاتووە، ئەمیش جۆرەڕێزگرتنێكەلەمافی هاووڵاتیان لەدادگاكاندا كاری پێدەكرێت.
1- لەكاتێكا كەكەسێك دەستگیر دەكرێت بۆ ماوەیەك لەزینداندا دەمێنێتەوە، پێویستەكەلەكاتێكا ئازاد دەكرێت وبێتاوان دەردەچێت قەرەبوو بكرێتەوە، چونكەلەكاتێكا كەمرۆڤێكی بێتاوان زیندان دەكرێت، ئەمەخۆی لەخۆیدا دژی یاسایەبۆیەكەیاساش پێویستەباجی خۆی بدات، لەوەها كاتێكدا كەسێك ناتوانی سەرپێچی یاسا بكات كەسێكی بێتاوان بخاتەزیندانەوە.
2- لەكاتێكا كەكەسێ بەتاوانێك هەڵدەسێت، ئەگەر ئاشت بوونەوەی هۆزیش بكرێت (عەشایری) پێویستەكەدادگا ئازادی نەكات چونكەدەتوانرێت لایەنێك یا كەسێك لەكەسێك خۆش بێت، بەڵام مافی كۆمەڵگاش پێویستەبپارێزرێت، چونكەئەگەر هەر كەسێك تاوانێك بكات بەو شێوەیەلەیاسا رزگاری ببێت ئیتر كەس رێز لەیاسا ناگرێت، ئەبێت بەشاری بێ دادوەر.
لەكۆ تاییدا لەگەڵ ڕێزمدا بۆ یاساكەی هەرێم، بۆئەو كەسانەی كەدیارەئەركێكی زۆریان كێشاوەبۆ ئامادەكردنی.

ئازاد سۆرانی
هۆڵەندە
azadsourani@hotmail. com